کۆمپانیای DNO ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیان بە 80 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزکردووەتەوە

کۆمپانیای (DNO) ڕایگەیاند، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیان بە 80 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لە کێڵگەی نەوتی تاوکە بەرزکردووەتەوە و پێشبینی دەکێت بە دەرکەوتنی ئەنجامی دانوستان و گفتوگۆکانی دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێم ئەو ژمارەیە زیاد ببێت.

کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی بەرهەمهێنەری نەوت لە هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیێنراوەکدا باویکردووە، لە هەرێمی کوردستان پێشبینی دەکرێت ڕۆژی تێکرایی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی تاوکە بگاتە 80 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

ئاماژە بەوەشکراوە، لەوانەیە ژمارەی بەرهەمهێنانی نەوتیش بە ئەنجامی دانوستانەکانی پەیوەست بە دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بگۆڕێت.